کوردستان نێت
KURDISTAN NET
رۆژنامەیەکی ئەلکترۆنی رۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
13-7-2007 0:12بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

# چەند تێبینی و سەرنجێک لەسەر بەیاننامەکەی ئاژانسی دەزگای پاراستنی هەریمی کوردستان واتە (دەزگای پاراستن) لەسەر دکتۆر بەرهەم ... باوکی شازاد:

لای هەمومان ڕون و ئاشکرایەکە بەڕیز دکتۆر بەرهەم ئەحمەد سالح لەناو ڕیزەکانی ی.ن.ک ئەستیره ی زۆر پرشنگدارەبۆ داهاتوی یەکێتی، چاوەڕوانی شتی باشی لێ دەکرێت هەرچەندەخەباتی شاخی نەبوەبەڵام کەسێکی زیرەک و خویندەواریکی باش و زمان زانەو پیاویکی سیاسیەلەخەباتی ئیمڕۆی کوردایەتی وەکەسێکی پەسەندەلەلایەن دۆستەبەدە سە لا تەکانی گەلەکەمان، هەتا پیش ماوەیەکی کورتیش ئەو بەڕیزە نیوانی لەگەڵ پارتی زۆر باش بو بەتایبەتی لەگەڵ ڕیزدار کاک مەسعودو کاک نێچیرەڤان بارزانی. بەڵام ئەوەی جیگای سەر سوڕمانەئەوەیە! هەر لەناکاو پاش مقۆ مقۆی گۆڕانی سەرۆکی ئانجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان دەزگا ئیعلامیەکانی پارتی کەوتنەتەقە کردن لەدکتۆر بەرهەم و ئەوەی کەخەڵکی سەرسام کردوەئەوەیەکەچەندرۆژیک پێش دەرچونی ئەو بە یاننامەیەماڵپەڕی ڕۆشەنایی کەوتەجنێو دان بەدکتۆر بەرهەم و خانەوادەکەی گەیشتەڕادەیەک کە ناوی دایکی بەڕیزی بخەنەنێو سوکایەتی کردنەکە کەئەو کارەزۆر دورەلەڕەوشتی خەڵکی سیاسی و ڕۆناک بیر، خەڵک کەوتۆتەگومان تۆ بڵێی ماڵپەڕی ڕۆشەنایی لەلایان دەزگای پاراستنەوەبەڕیوەبچێت؟ ئاوا سوکایەتی بەم کەسەبکرێت، ئەی هەر ئەو دکتۆر بەرهەمە نەبو پۆتی برایم جەعفەری شکاند لە کاتی سوێندخواردنەکەوەهەمو کورد ئەوکاتەشانازی پێوەدەکرد لەسەری هەمویانەوەسەرکردایەتی پارتی دیموکراتی کوردستان، تۆ بڵێی هۆکارەکەی ئەوەبێت دکتۆر بەرهەم وەکو پاڵیوراوی یەکێتی هەڵبژێردرابێت پۆ پۆستی سەرەک وەزیران؟ بۆیەپارتی دەیوێت لەناو خەڵک سوکی بکات و تاوەکو یەکێتی وازی لێ بینێت و ئێستاش کەسی تریان نەبێتبۆ ئەو پۆستەناچار ماوەی ڕیزدار نێچیرەڤان دریژ بکەنەوەو ئەو ڕیککەوتنەی کەلەکاتی خۆی لەنیوان پارتی و یەکێتی کراوەهەڵبوەشیتەوەکەشتیکی زۆر ئاساییەلەنیوان هەردوو مەکتەبی سیاسی دەکریت زۆر شتی لەمەگرنگتر کراوە، باشەخۆ پێویست بەم شەڕەجنیوە ناکات ئەگەر بەڕاستی ماڵپەڕی ڕۆشنایی سەر بەم دەزگایەبێت، تۆ بڵێیت ئیمەئاگادار نەبین پارتی و یەکێتی لەکۆبونەوەکانیان بەیەکتر نەگەیشتبن؟ ئێ خۆ کاک نێچیرەڤان لەکۆنگرە ڕۆژنامەنوسیەکەیدا لەوەڵامی پرسیارێک وتی من ئامادەم شوێنەکەم جێ بهیلم بەپێی ئەو ڕێککەوتن نامەئیستراتیجیەی مۆر کراوەلەنیوان هەردوو لا! تۆ بڵێیت من هەڵەبم پارتی هیچ پەیوەندیەکی بەم سایتەوەنەبێت کەسوکایاتی بەسەرکردەکانی یەکێتی دەکات؟ هیوا دارم وا بێت من هەڵەبم چونکەئە گەر بیرو بۆ چونی هێژایان لەناو پارتی ئاوا بێت ئەوەهەر کاتێک ترسی ئەمریکایان لەسەر نەما ئەوا دیسان قوڕ دەکرێت بەسەری گەلی کورد، جاران شەڕی براکوژی دەکرا ئەوجارەشەڕی خوشک کوژیو باوکو دایک کوژیش دەکرێت، دەبێ بڵێین سەد خۆزگەمان بەشیعەو سوننە بکات. بەڵام ئەی ئەو بە یاننامەی دەزگای پاراستن خۆ هیچ گومانی تیا نیەسەرکردایەتی باش لێی ئاگادارەو لەلایەن ڕیزدار مەسرور بارزانیەوەئیمزا کرابو بۆیەدەبێ بەزوترین کات گری کوێرەکان بکرێنەوەئەگەر نا میلەتی کورد



ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

13-7-2007 0:12بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

دیسانڕیسەکەی لێ دەبێتەوەبەخوری و دەرو جیران و دوژمنانی گەلەکەمان دەگەن بەمەرامی گڵاوی خۆیان و لەجیاتی کورد حوکمی خۆی بکات دەبی جەبهەی تورکمانی و سوپای پاسداران بێن حوکمی کوردستان بکەن لەبەر ئەوەی سەرکردایەتی کورد لەلایەن دەرو جیرانەکان یارمەتی دەدرێن و پڕ چەک دەکرێن و دەبنەوەبەداردەستی دەزگا موخابەراتیە کان. ئەو کاتەسەرکردایاتی کوردەکان لەبەر شەڕو ململانێ کاتی ئەوەیان نابێت حوکمی خۆیان بکەن. ناچار ئەو دوو هێزەدێن حوکمی کوردستان دەگرنە دەست، هیوا دارم من هەڵەبم لەبۆ چونەکانم بەڵام گەر خوا نەکات ئەو فرسەتەلەدەست کورد بڕوات ئە وا جارێکی تر مومکین نیەشتی وامان بۆ ڕێک بکەوێتەوەجا ئەو کاتەچی لەقەسرو باڵەخانە بەرزەکانی سەرکردەکانمان بکەین کەکەرامەتمان پێ شێل کرا. بۆیەبەپێویستی دەزانم هەر چەنی بکرێت دەمی خۆشکەرانی هەڵگیرسانی شەڕی برا کوژی دابخەن، وەئەگەر سەرکردایەتی کورد بیەوێت ئەو کەسانە دەم کوت بکات شتێکی تا بڵێیت ئاسانەچونکەئەو شەخسانەی بەتایبەتی سوکایەتی بەسەرکردەکانی یەکێتی دەکەن هەر هەمویان لەناو ئینتەر نێت وژورەکانی پاڵتاک ناسراون دەتوانین لەڕێگای ڕیکخستنەکانی خۆتان و خەڵکانی کوردپەروەرەوەناوو ئەدرێسی هەمویان بڵاو بکریتەوەبۆ ئەوەی کەسی تر نەتوانێت هێڵی سور ببەزێنێت کەمەترسی هەبێت بۆ ئاسا یشی نیشتمانیمان و ناویان بخەنە لیستی تایبەت بۆ ئەوەی هەست بکەن ئەوەی ئەوان دەیکەن خزمەت بەبەرژەوندی گەلەکەمان ناکات بەڵکو دژایەتیەبەرامبەر ئەو ئەزمونەتازەپێگەیشتوەی گەلەکەمانەکەحکومەتی هەرێمی کوردستانەکە دەبێ گەلی کورد لەهەرچوار پارچەکەی شانازی پێوەبکات لەجیاتی لێدانی تیرو توانجەی جەرگ بڕ لە پێسەنگانی گەلەکەمان کەخۆی دەبینێتەوەلەسەرکردەکانمان لەگەڵ ئەو دیاردا ناشیرین وگەندڵایەتیە ی کەهەیانەلەبەر ئەوەی گەل بەبێ سەرکردەکەس حیسابی بۆ ناکات دروست بونی سەرکردەش کاریکی هیندەئاسان نیەلەکۆتایی دەڵیم ئەوەی لام بو بۆتانم هەڵرشت و ئەوەی دبێ بوترێت ووتم، جا ئیوەش خۆتان بیر لەقسەکانم بکەنەوەو هەڵسن بەکاری پێویست پێش ئەوەی دۆل بدڕێ و تەقەی ببرێت، پاشان پەشیمانی دادی کەسمان نادات خوینی شەهیدەکانمان بەفیڕۆ دەڕوات و کەس نابێت بەبرای کەس ئە وکاتەهەمو دونیا دەڵی ئەو میللەتەشایەنی ئەوەنین ببن بەخاوەنی دەوڵەتی سەربەخۆ لێیان گەڕێن با سەدساڵی تریش بیگانەحوکمیان بکات بۆ جاری کۆتاییش دەڵێم هیوا دارم من هـــــەڵەبـــــــــــم.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.